شاخەوان عەبدوڵا: حکومەتی عێراق پێنج موچەی ئێم ساڕ خەرج دەکات



شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لە پشکی پارتی رایگەیاند، بەپێی رێککەوتنی بەغدا و هەولێر، حکومەتی عێراق پێنج موچەی ئێم ساڕ خەرج دەکات، بەڵام دو موچە پێکەوە نانێرێت.

شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ میدیای پارتی لەبارەی چارەنوسی پێنج موچەی ئەمساڵی موچەخۆرانی هەرێم، رایگەیاند، بەغداو هەولێر چونێتە رێککەوتنێکەوە و هەردو سەرکۆزیران قسیان لەسەر کردوە و ئێستا رێککەوتنێکە چوێتە جێبەجێکردنەوە، پاساوی نێناردنی نوت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نەما، چونکە بەبازارکردنکەی ئێستا سەمە دەیکات، لەسەر داهاتی ناوتیش رێککەوتن کراوە و کارایە تاوکو لیژنەکان داهاتی ناوتی بە رێگەیەکی دیکە و چارەسەری یەکجارکی دەکەن، بڕیە موچەی مانگکانی 8، 9 و 10 و مانگکانی دیکەش دێت.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا لەم چەند مانگەدا کە ماوە هەر پێنج موچەکە خەرج دەکرێن،

شاخەوان عەبدوڵا وتی، ڕێککەوتنەکە وایە، پاساوی ئەوان ناردنی نەوت بو ئیستا هێنادە کرا و دەبێت نوسراوی ئەوانیش جێبەجێ بکرێت، کە دەڵێت لە بڕامبەردا موچە دەنێرین.

لەبارەی شەوازی ناردنی موچەکان و ئەوەی کە ئایا دو موچە پێکەوە دەنێردرێن، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق وتی"دو موچە ناکرێت پێکەوە، ئیستا مانگی 7 دراوە، مانگی 8ـیش دەست بەناردنی بکرێت، دوای ئەوە ئەوی لەسەر ئیستای حکومەتی هەرێمی کوردستانە وەکو بابەتی داهاتی نانەوتییە، ئەوەش لەڕوی ڕەوانە دەکرێت؛ تەنیا کاری کارگێڕی ماوە و هیچ کێشەی دیکە نییە بۆ ناردنی موچەی مانگی هەشت، حکومەتی عێراقیش نیانوتوە موچە نانێرین."

شاخەوان عەبدوڵا لەبارەی ڕێککەوتن لەسەر داهاتی نانەوتی وتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو موچەخۆراندا رازیبو ئەو بڕە پارەیە وەکو بڕێکی دیاریکراوی بدراوە بنێرێت، چونکە پێداستی ناهەقییەکی گەورەیە بڕێک پارەی زۆر لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگیر بکەیت کە ئەو بڕە نییە. داهاتی نانەوتییان لە بەرزترین ئاستدا دیاریکردوە، لێکاتێکدا حکومەتی عێراق بە دانانی بازگە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق وایکردوە داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان زۆر کەم ببێتەوە، هاتوشن داوای بەرزترین داهاتی نەوخە دەکەن."

ئاماژەی بەوەشدا"حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو موچەخۆراندا قبوڵیکردوە تاوەکو لیژنەکان کارەکانیان تەواو دەکەن و بگوڕێی یاسا نیوەی داهاتەکە بە ناوەندی بێت و نیوەکەی دیکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە خزمەتگوزاری و بژێوبردنی خەڵی خەرجی بکات."

سبەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کۆدەبێتەوە، لەبارەی ئەوەی کە ئایا بە ناردنی موچەی مانگی هەشت هیچ بڕیارێك لەو کبونەوەکەدا دەدرێت، شاخەوان عەبدوڵا وتی"پێشتر بڕیاریانداوە بگوڕێی ڕێککەوتنەکە موچە بنێرن، بڕیە پێویست ناکات هەمو جارێک دوبارە بکرێتەوە، خەرجکردنی موچە ئیستا لە دەستاتی سەرۆک وەزیرانە و بڕیە ئەنجومەنی وەزیرانیش دەتوانێت بڕیاری خەرجکردن بدات."

جەختیشی کردەوە، کە تا ئەمڕۆ بڕیاری ناردنی موچەی مانگی هەشت نەدراوە، "بڕیار بەکە ئەنجومەنی وەزیرانی ناوەت و ڕاستەوخۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق دەتوانێت خەرجی بکات بگوڕێی ڕێککەوتنەکە."